هۆنراوە

# هۆزانێك بۆ خۆشەویستن

ڕێباز گورجی

نازانێ چۆن داوای بەخشینت لێ بکات،ئەی مەزنترین مرۆڤی ڕووی گۆی زەوی، ئەرێ هۆ ژن...!!!

وەکو دەڵێن:
پیاوان هەموویان... ئاژەڵن یان... دڕندەن،
عەقڵیان لەسەری لوتیانەوە تێپەڕ ناکات،

پیاو ئەتوانێ بە تۆ بڵێ لێم ببورە...؟!
چۆن ئەتوانێ بە تۆ بڵێ... کەمخایەنە
تەمەنی گوڵاڵە سوورە...!
چۆن ئەتوانێ بە تۆ بڵێ دە بمبەخشە
ئەی خانمە، خەمبارەکە
***
کە ئەو پیاو بێ...!!!
دڕندە کوا ئەزانێ،
بووردن چی یە...؟
پیاو کوا ئەزانێ بەخشین چیيە..؟
ئەی گوایە پیاو دڵی هەیە...؟
***
مەزنترین مرۆڤی سەر ڕووی گۆی زەوی..؟
ئەرێ هەی ژن...؟
پیاوێك ئەڵێ:
خۆشم ئەوێ
پیاوێکی تر ئەتپەرستێ،

یەکێکی تر کڕنوش ئەبا
بڕوا ئەکەی....!
پێت وا نی یە هەر هەموویان درۆ ئەکەن..!!

ئەی پوچترین مرۆڤی سەر... گۆی زەوی،
ئەرێ هۆ پیاو، هۆ پیاو... هۆ پیاو... نا پیاو...!!
تۆ ئێستاکە ڕقت لەخۆت نابێتەوە،
چونە دەپیاو... بیست پیاو سەد پیاو خۆشی ئەوێ‌ی
زۆر پێم حەیفە بە خۆت بڵێ‌ی بەویش بڵێ‌ی،
مرۆڤ هەیە دڵ پڕە لە عیشق...!

ئەویش ئەڵێ:
خۆشەویستی بەرماڵمەو
پێنج فەرزە، کڕنوشی لەسەر ئەبم
نوێژی لەسەر دائەبەستم...!
ناشزانێ چۆن...؟
داوای بەخشین لە تۆی ژن کا..!

ئەی مرۆڤە مەزنەکە ئەرێ هۆ ژن.
ئەی ئەو کەسەی ئیتر هەرگیز،
ئەو ناتوانێ تەماشات کات،
لە ڕووی نایە، چاو هەڵهێنێ.

وا ئەزانێ تەنها هەر تۆی
جێگەت لە دڵیا گرتووە و خۆشی ئەوێ‌ی..
نازانێ، مەحاڵە هەرگیز پێت بگات
ناشزانێ کە خۆشی ئەوێ‌ی ...خۆشت ناوێ....!!
وا ئەزانێ ئەتپەرستێ
بڕوا نەکەی،

**گاڵتەت لە خۆشویستنی ئەو بێ**

**لات حەیف نەبێ، خۆشت ناوێ**

**یان ناتوانی خۆشت بوێ..!**

**باش بزانە ...ئەو هەرگیز نازانێ**

**خۆشی ئەوێی خۆشی ناوێیت..!**

**ئەتپەرستێ... ناتپەرستێ... ..!**

**بەڵام گوایە بیرت ئەکات...!**

**هەموو ڕۆژێکیش ئەتبینێ،**

**بەڵام ناتوانێ تەماشات کات.**

**بۆیە ئەڵێ:**

**لێم ببورە.. لێم ببورە..**

**لێی ببورە.. دە بیبەخشە..!**

**تۆ ئەزانی ئەو نازانێ...؟!**

**(کەمخاینە تەمەنی گوڵاڵە سوورە)*.**

---

* وەرگیراوە